# بو فستیواڵی مەستوورەی کوردستانی

هەولێر رۆژانی 8-10 December 2005

بەڵێ بۆ مرۆڤسالاری بۆ ئازادیو بۆ هۆشیاری!

## لە کۆمەڵگای یەکساندا پیاوان براوەن!

ئەحمەدئەسکەندەری

واباوە کە باسی بەرابەریو یەکسانی لەکۆمەڵگادا بەپرسی ژنان بژمێردرێت. لەکاتێکدا کە یەکسانی و هەبوونی مافی وەکیەک لە بنەماسەرەکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەو لەهەموو بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا جەختیان لەسەرکراوە. سەرەرای ئەوەش وانیشاندەدرێت کە گوایە جێبەجێ نەبوونی ئەومافانە کێشەی خودی ژنانەو پیاوانیش لەباشترین حاڵەتدا دەتوانن یاریدەدەربن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. لەمێژووی کورددا پیاوانی ناوداری وەکوو حاجیقادری کۆیی‌و مامۆستا گۆران و یەلمازگونای هەرکامەو بەشێوەی خۆی لایەنگری مافی ژنان‌بوون و دژایەتی‌خۆیان بەرامبەر بەتوندوتیژی دەرپریوە؛ لەسەردەمی کۆماری مەهابادیشدا بزووتنەوەیەک بۆپشتگیری لە دۆخی ژنان وخوێندەوارکردنو بەشداری ژنان لە لەئارادابوو کە شەخسی قازی‌محەممەدی سەرەک‌کۆمار پشتگیری‌لێکردووە.

زۆرجار دەبیسترێت کە ژنان بۆخۆیان راپەرنو خۆیان خەبات بکەن بۆگەیشتن بەمافەکانیان، خۆ ئەوەش نابێت پیاوان بۆیان جێبەجێبکەن! وەک ئەوەی ئێمەی پیاو هەموو پێداویستییەکانی ژیان‌وکاری ژنانمان جێبەجێکردبێت تەنها چەند شتێکی پچووک نەبێت کە ئەگەر ژنان بۆخۆیان بیکەن ئەوا بەهەشتی بەرینمان لەبەردەستدا دەبێت.
خانمێکی بیرباری سوێدی لەساڵەکانی حەفتادا ئاوا باس‌لە پیاوسالاری دەکات: «پیاوسالاری نەزموتەرتیبێکی کۆمەڵایەتییە بە چەندەها کەرەستە وبەهای جۆراوجۆرەوە کە پیاوان خاوەندارییی دەکەن بەڵام لەلایەن منداڵانو ژنانەوە خولقێندراوە!»
دیموکراسیو گەشەی کۆمەڵایەتی تەنها لە کۆمەڵگایەکدا سەقامگیردەبێت کە تێیدا یەکسانی لەنێوان ژنانو پیاواندا دابین‌کرابێت. ئەو پیاوانەی کە خەبات‌کردن بۆ نەهێشتنی ستەم لەسەر ژنان بەئەرکی سەرشانی خۆیان نازانن، نەک‌هەر بەرپرسن لەگەشەنەکردنو پێش‌نەکەوتنی کۆمەڵگادا، بەڵکوو زیان‌دەگەیەنن بەخۆیانو هاوسەرو منداڵو دایک‌و خوشک‌و هەموو بنەماڵەکەیان.

کاتێک ژنێک یان کچێک بۆی نییە فێری خوێندەواری بێت، مافو ئازادی فێربوون پێشێل‌دەکرێت. ئاکامە نەرێنی‌یەکانی ئەم دیاردەیەش بۆ هاوسەر یان خوشک‌و دایکێکی نەخوێندەوار زۆرئاشکرایە. بەپێی ئامار نزیکەی ۹۲۰ملیۆن نەخوێندەوار لەدونیادا هەیە کە ٪۷۵یان ژنن! ئەمەش بۆ داهاتوو زۆر مەترسی‌دارە. کاتێک کچێک بۆی نییە بەسەربەستییەوە هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت‌و بەزۆر بەشوودەدرێت، هەرئەوەندە نییە کە دڵە ناسک‌و هەستیارەکەی لاوێکی شۆخ‌وشەنگ ئەشکێندرێت‌و دەکرێتە کۆیلەی پیاوێک کە خۆشی‌ناوێت، بەڵکوو بەکردەوە گەرای پێک‌هێنانی بنەماڵەیەکی چارەرەش و ناتەبا دادەنرێت،زەمینەی دروست‌بوونی منداڵانێک فەراهەمدەکرێت کە لە خێزانێکی کێشەداردا گەورەدەبن‌و ڕێگا خۆش‌دەکرێت بۆ پەروەردەبوونی گەنجانێک کە رەفتاری نائاسایی‌دەنوێننو لەوانەیە ببنە سەرچاوەی چەندەها گیروگرفتی کۆمەڵایەتی.

ئەو پیاوەی لەماڵەوە توندوتیژی و بێڕێزی بەرامبەر بەهاوسەرەکەی دەنوێنێت و یان لێیدەدات، جگەلە سووکایەتیکردن بە مرۆڤێکو تێکشکاندنی کەسایەتی ژنێکو دایکێک، کەشوهەوایەکی پڕمەترسی بۆخۆی و منداڵەکانیشی ئەخولقێنێت. ئەو پیاوە کەپاش ئەو رەفتارە لەماڵ ئەچێتەدەر، باوکە، برایە،پزیشکە، کارمەندە، کرێکارە، دووکاندارە، سیاسەتمەدارە، وەزیرە، نوێنەری پارلەمانە وهتد. کەسێک کە لەماڵەوە و لەگەڵ نزیکترین کەسەکانی بەوشێوەیە رەفتاربکات، چۆن دەتوانێت لەدەرەوە لەژێر کارتێکردنی ئەو رەفتارەدا نەبێتو کاردانەوەی خراپی نەبێت لەسەر چالاکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیو فەرهەنگی؟

بنەماڵەیەک بەختەوەرە کە مافی ژنومێرد تێیدا یەکسانە! ئەم راستییە لەوانەیە هەمووان بیسەلمێنن. ئەوەی کە هەمووان نایسەلمێنن بریتییە لە رۆڵی ژنانو پیاوان بەیەکسان و لەبواری جۆراوجۆردا بۆبەدیهێنانی ئەم بنەماڵە بەختەوەرە. بەرژەوەندی پیاوان و کۆمەڵگایش لەوەدایە کە ژنان لەناو چوارچێوەی ماڵدا قەتیسنەکرێن، پەروەردەو بەخێوکردنی منداڵان هەرتەنها لەسەرشانی ئەوان نەبێت. لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەخەن کە منداڵ نەک لەقسەو ئامۆژگاری دایکوباوکەوە بەڵکوو لە کردەوەو رەفتاری ئەوانەوە شتفێردەبێت. هەروەها لەو بنەماڵانەدا کە توندوتیژی هەیە منداڵ لەهاوڕێکانیانەوە لەدەرەوەی ماڵەوە شتفێردەبنو ئەزموون وەردەگرن و ئە مەەش ئەنجامەکەی دەتوانێت کارەساتئامێزبێت.
هەڵەیە ئەگەر پێمانوابێت کە پیاوی کورد زیاتر لەپیاوانی دیکە توندوتیژی دەنوێننو یان کۆمەڵگای پیاوسالاری لەکوردستان خراپترە لەسیستەمی پیاوسالاری میللەتانی دیکە. توندوتیژیو سیستەمی پیاوسالاری دیاردەیەکی جیهانییە و مەیدانی خەباتی یەکسانی و بەرابەریخوازیش هەموو وڵاتانی جیهان دەگرێتەوە. ئەگەر ئەم دیاردەیە لە کوردستان بەرجەستە دەکرێتەوە تەنها لەبەرئەوەیە کە مەبەست گەیشتنە بە کۆمەڵگایەکی یەکسانو بەختەوەر لەکوردستان.

دە نا توندوتیژیو نابەرابەری لە نێوان ژنانو پیاواندا - هەرچەند بەڕادەیەکی کەمتر لەوڵاتانی دیکە - تەنانەت لە کۆمەڵگای زۆرپێشکەوتووی وەکوو کاناداو وڵاتانی سکاندیناڤیش بەدیدەکرێت. لەسوێد ساڵی نزیکەی ٥٠ ژن بەدەستی مێردی پێشوویان یان پیاوێک کە پێشتر خۆشیویستوون، دەکوژرێن.(کەهەڵبەت ژمارەیەکیان خەڵکی وڵاتانیدیکەی نیشتەجێی سوێدن)
توندوتیژی و ستەم بەرامبەربە ژنان لەکەمترین ئاستیشدا و تەنانەت ئەگەر هیچ ژنێکیش نەکوژرێت هێشتا هەرزۆرە و وەکوو پەڵەیەکی رەشە لەئاسمانی مرۆڤایەتیدا. هەبوونی ستەم لەدژی ژنان لە کۆمەڵگایەکی دیکە – کەم یان زۆر – هیچ پاساوێک نیە بۆ هەبوونی ئەم دیاردەیە لەکوردستان.

ئێمەی پیاو بەرژەوەندی کۆمەڵگامان ئەگەر لەبەرچاوبێت، بەباشی بۆمان دەردەکەوێت کە هەرچەشنە ستەمێک لەژنان و درێژەپێدانی سیستەمی پیاوسالاری زۆر لەسەر شانمان قورسدەکەوێت. ئاکامە خراپەکانی ئەو سیستەمە دەبێتە کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووریو سیاسیش کەدەبێت وزەو تواناو بوودجەیەکی زۆری بۆتەرخان بکرێت. تەندروستیو باری دەروونی و داهاتووی بەختەوەری خۆمانو کورەکانیشمان دەکەوێتە مەترسییەوە.

زۆرن ئەو پیاوانەی کەدژبەکارکردنی ژنانن ئەگەر بێتوو هیچشتێک لەماڵەوە گۆڕانی بەسەردا نەیەت؛ هەرلە پاکوخاوێنراگرتنی ماڵەە بگرە هەتا چێشتلێنان، جلشوشتنو هەموو ئەرکەکانی منداڵداری.

نزیکەی حەفتا ساڵ لەمەوبەر لەئەورووپا ئەم بیرەهاتەپێشەوە کە ژنان با پارت‌تایم واتە نیوەوەخت کاربکەن لەبەرئەوەی فریائەکەون کە هەموو کارەکانی ماڵەوەش بکەن بەچەشنێک کە پیاوەکە هەست‌نەکات بەوەی کە ئاڵوگۆڕێک لە ماڵەوە روودەدات؛ واتە ئابووری خێزان باشتردەبێت، ماڵەکە پاک‌وخاوێنە هەروەکوو جاران و ژنەکەش لەماڵەوە رووی‌خۆشتر نیشاندەدات!

لەئەمریکا ساڵی ١٩٧٠ ڕاپرسییەک کراوە لەناو ژناندا و هەمان پرسیارگەل ساڵی ١٩٩٥یش ئاراستەی ئەو ژنانە کراوەتەوە:
ساڵی ١٩٧٠ نزیکەی ٧٠٪ وتوویانە پیاوان میهرەبانن‌و بەمشوورن، ٢٥ ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٩٩٥ تەنها ٤٤٪ وا بیردەکەنەوە!
ساڵی ١٩٧٠ نزیکەی ٤٣٪ ئەڵێن پیاوان بۆ ڕابواردن پەیوەندی لەگەڵ ژنان دەگرن، ساڵی ١٩٩٥ئەم رێژەیە ئەبێتە ٥١٪!
ساڵی ١٩٧٠ نزیکەی ٣٩٪ وائەزانن کە پیاوان زۆرتر لەبیری کارەکەیاندان هەتا بنەماڵەکەیان، ساڵی ١٩٩٥ ئەم ڕێژەیە دەبێتە ٥٤٪!
ئایا پیاوان گۆڕدراون‌و خراپتربوون لە ئەمریکا؟ لێکۆڵەر پێی‌وایە بەپێچەوانەوە ئەوە ژنانن کە وشیارییان چووەتە سەرەوەو لەمافەکانی خۆیان ئاگاداربوون.

ئێمەی پیاو کۆمەڵێک مافو پلەو پایەی کۆمەڵایەتیمان هەیە کە وائەزانین هەبوونی ئاساییە! خەبات و بزووتنەوەی ژنان‌و یەکسانی وایانکردووە کە جنس‌و ڕەگەز بەرجەستەبووەتەوە. لەکوردستانیش ئاستی وشیاری ژنان چووەتە سەرەوەو هەربۆیەش دەبینین کە گەشەو بەرەوپێشچوون روویداوە.

کەسانێکی ڕەش‌بین ئەڵێن لە کوردستان هیچ رووی‌نەداوەو تەنانەت بارودۆخەکە خراپتریش‌بووە!
جەماعەتێکی گەش‌بینیش ئەیانەوێ پێمان بسەلمێنن کە کوردستان بەهەشتەو ژنان بەهەموو مافەکانی خۆیان گەیشتوون.

هەردوولا بەهەڵەدا چوون!

لەکاتێکدا کە لە کوردستان بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازی لەماوەی ١٤ساڵی رابردوودا گەشەو پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە، سیستەمی پیاوسالاری لە بواری فەرهەنگی و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا هێشتا هەر سەنگەرە گەورەو قایمەکانی بەدەستەوە ماوەتەوە. (شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩٤وە وە هەتا ١٩٩٧ ئاکامە رووخێنەرو کارەسات‌ئامێزەکانی بەڕادەیەکی زۆربەرچاو هەموو کۆمەڵگای کوردستانی بەگشتی‌و ژنان‌و منداڵانی بە تایبەتی گرتووەتەوە).

ژنانی کارامە و لێهاتوو لە سەرەوەی هیرەمی دەسەڵاتدا زۆر بەدەگمەن دەبیندرێن. دەگوترێت ئەوان خۆیان نایەنە پێشەوە! کۆمەڵگای پیاوساڵار هەرلە منداڵییەوە کچی لەماڵەوە قەتیس‌کردووە، بە عەیبەو بقەو هەزاران سنوورو پەرژینی رەنگاورەنگ گەمارۆیان داوە و لەڕاستیدا رێگای گەشەو پێشکەوتنیان لێگرتووە. کاتێک ئەم مرۆڤە گەورەدەبێت داوای لێدەکرێت وەکوو پیاوێکی بەتواناو لێهاتوو – نەک هەموو پیاوێک – خۆی بنوێنێت!

لەم رۆژانەدا بەتاکسی ئەچووم بۆ رێکخراوێکی ژنان لە سلێمانی. شۆفێرەکە زۆر بەشێوەیەکی سەیر تاریفی بەرپرسی رێکخراوەکەی کرد کە پێم‌خۆشە دەقی قسەکانی بگێڕمەوە کە وتی:

«ماشەڵڵا ئەو خانمە ئەمەنگە وریاو ئازایە، یاخوا عەمە درێژبێت هەرئەڵێیت پیاوە!» باشە ئەم هەموو کەموکوورییە لە دامودەزگا جۆراوجۆرەکاندا هەیە و بەدەستی ئێمەی پیاو خولقاوە، با ماوەیەکیش بدرێتە دەست خانمەکان. خۆ ئەگەر گەندەڵیو کەموکووری هەربەردەوام بێت ئەوا پیاوان قازانج دەکەنو بارێک لەسەر شانیان کەم دەبێتەوە. با ڕادەی داواکارییەکانمان لە ژنان بێنینەخوارەوە. با نۆرمەکان بگۆڕین. با وانەکەین کە لەکاتی پەیدابوونی ژناندا لەپڕ داواکارییەکانمان بۆ لێهاتووییو کارامەیی بچێتە ئاستێکی بەرزترەوە. خۆ پیاوبوون یەکسان نییە لەگەڵ کارامەیی و لێهاتوویی. ئەوە شمان لەبیربێت کە ستەمی میللی لەکوردستان هەر پیاوانی نەگرتووەتەوە و ژنان بگرە زیاتریش کەوتوونەتە ژێر فشارەوە. ژنانو منداڵانی ئەنفالو هەڵەبجەو باقی کارەساتەکان شایەتی ئەدەن.

هێشتنەوەی کوردستان بەپاشکەوتوویی وستەمی ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەوە لەلایەن داگیرکەرانەوە دیسان قورساییەکەی لەسەر شانی ژنانە. خەبات بۆ یەکسانی بوارێکی زۆر لەبارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ستەمانەو پیاوانی کوردستان لەم ڕێبازەدا بەرژەوەندی گەورەیان هەیە و دەتوانن قازانجی زۆر بۆخۆیانو بۆ هەموو کۆمەڵگا بەدەست بهێنن.

بەڵام شەرت ئەوەیە کە ئەم نابەرابەرییە ببینین. ئێمەی پیاو زۆر مافمان هەیە کە بەلامانەوە ئاساییە. مامۆستایەکی زانکۆی نیویۆرک لە کۆڕێکدا لە سوێد گێڕایەوە وتی: «باسی یەکسانیو گیروگرفتەکانمان دەکرد. ژنێک وتی هەموو ژنان لە بەرامبەر پیاواندا وەکوو لەبەرەیەکی یەکگرتوودابن وایە. ژنەمامۆستایەکی ڕەشپێست پرسیاریکرد، ئەتۆ بەیانییان کە سەیری خۆت دەکەیت لەئاوێنەدا چی دەبینیت؟ وتی: ژنێک دەبینم. ژنە ڕەش پێستەکە وتی بەڵام من ژنێکی ڕەشپێست ئەبینم. ئەمە ئێمە لەیەکتر جیادەکاتەوە. ئەمجارە روویانکردە مامۆستا پیاوە کە وا بەگەرمە لە قسەوباسەکەدا بەشداربوو: ئەی جەنابتان لەئاوێنەدا چی دەبینیت؟ وەڵامی دایەوە: من مرۆڤێک دبینم!»
ئەمە دەریدەخات کە بەلای ژنە سپیپێستەکەوە ڕەشبوون دیارنییە لەبەرئەوەی ڕەش نییە بەڵام سەیر ئەوەیە کە پیاوەکە نەک وەکوو پیاو لەبەرامبەر ژندا بەڵکوو خۆی وەکوو مرۆڤێک دەبینێت. لێرەوە ئەتوانین ئەوە بڵێین کە مادام پیاو خۆی وەکوو مرۆڤ چاو لێبکات و مافی ئەوی دیکە بەکردەوەو بەرەسمی نەناسێت ئەوا سیستەمی پیاوسالاری خۆی وەبەرهەم دێنێتەوە و بەو پێیەش گەیشتن بەکۆمەڵگایەکی خاوەن دیموکراسیو ئازادیو بەرابەری دژوار دەبێتەوە.

گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە لەوەها کۆمەڵگایەکدا تەنانەت بەشێک لە کورانیش هەر بەشوێنپێی باوکەکانیاندا دەڕون!
ئامارەکان لەوڵاتی سوێد وا نیشان ئەدەن کە ٪٢٧ی کورانی تەمەن ١٨-١٦ساڵ کتێب ناخوێننەوە. ئەم ڕێژەیە بۆ کچان تەنها ٪٦ ە. لەم چە شنە ئامارانە لەکوردستان نییە بەڵام لەوەناچێت وەزعەکە لێرە باشتربێت. کاتێک کە وشیاری سەبارەت بەم لایەنە جۆراوجۆرانەی کۆمەڵگا نەبوو، هەرچەشنە داخوازییەکی ژنان وەکوو مەترسییەک لەلایەن پیاوانەوە وەردەگیرێت.

هێندێک یاسای نەنووسراوی ساکار هەن کە پیاوان پێوەی نووساون و سەرسەختی لەسەر ئەم یاسایانە زیانبارن بۆ خۆیشمان و بۆ کۆمەڵگاکەشمان:
- هیچ شتێک نەکەیت کە ژنانەبێت!
- هەموو هەڵسو کەوتێکت پیاوانەبێت!
- ریسکی گەورە کردن پیاوانەیە! (بەپێی ئامار هاوینی ساڵی ٢٠٠١ لە سوێد ٦٠کەس لەئاودا خنکاون کە ٥٧کەسیان پیاو بوون)- . . .

هەڵبەت ئێمەی پیاو پێمان وانەبێت کە ژنان لەم بوارانەدا بێ‌گوناەو فریشتەن! لەم ڕۆژانەدا بابەتێکم لە یەکێک لەڕۆژنامەکاندا بەرچاوکەوت کە تێیدا خێڵان‌خانمێک گلەیی دەکات لە بەشدار نەبوونی ژنان لەکاروبارەکانی دەستەو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا و ئەڵێت: «ئەوا ئێستا بەدڵنیاییەوە خودی ژنە بووەتە هۆکاری سەرەکی و هێشتا ئەو جورئەتەی لەخۆیدا نەچاندووە ببێتە ڕێچکەشکێن‌و ئەو وتە باوە بسەلمێنن کە ئەوانیش دەتوانن هاوشانی پیاوان رە وت بکەن»!

لەلایەکی ترەوە لەم هەفتانەی رابردوودا لە هەولێر کونفرانسێک گیراوە کە «ڕۆڵی ژن لە دابینکردنی ئاشتیدا» یەکێک بووە لە تەوەرە سەرەکییەکانی. لێرەدا دوو سەرنجم هەیە:

یەکەم، ئەو خانمەی باس لەوەدەکات کە ژنانیش دەتوانن هاوشانی پیاوان رەوت بکەن، لە راستیدا نۆرمبوونی پیاوان دەچەسپێنێت. زمان‌و فەرهەنگ لەم بوارەدا زۆر گرینگە. لە دەستووری وڵاتی چین‌دا نووسراوە: «ژنان پێویستە هەمان مافیان هەبێت کە پیاوان هەیانە»! ئەمەش هەر هەمان بۆچوونە. دەبوو بنووسرێت ژنان‌و پیاوان پێویستە مافی یەکسانیان هەبێت. نۆرم دەبێ مرۆڤ بێت نەک ژن یان پیاو.

دووهەم، باسی رۆڵی ژن لە دابینکردنی ئاشتیدا ئەو پەیامەی پێیە کە گوایە ژنان شەڕیان دروست‌کردووە و هەر ئەوانیشن کە دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لەدابینکردنی ئاشتیدا. پێموایە ئەو خانمانەی – هەروەها ئەو پیاوە بەڕێزانەش – کەبەشداری ئەو کونفرانسەبوون، دەبوو داوابکەن بەمەبەستی دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و بۆ نەهێشتنی شەڕ ڕێگا خۆش‌بکەن بۆئەوەی ژنان دەسەڵاتێکی زیاتریان بۆ پڕەخسێت لە بواری سیاسی‌و ئابووری وکۆمەڵایەتیدا. هەروەها دەبوو بڵێن ئەی بۆ لەدەستپێکردنی شەڕدا پرسیان پێ‌نەکراوە!

نەبوونی ژنان لەدەسەڵاتی سیاسیدا بێ‌گۆمان نیشانەی ڕەچاونەکردنی ماف‌و ڕۆڵی نیوەی ئەندامانی کۆمەڵگایە. بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین کە هەبوونی ژنان لەدەسەڵات‌و لەپۆستی باڵای سیاسیدا یەکسان نییە لەگەڵ کۆمەڵگای بەرابەردا. لەکاتێکدا کە سوێد بەو هەموو پێشکەوتنەوە لەباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەوە و بوونی ڕێژەی زیاتر لە ٤٥٪ی ژنان لە پارلەماندا هێشتا سەرەک‌وەزیرانی ژنی بەخۆیەوە نەدیووە. بەڵام وڵاتاني وەکوو تورکیا، فیلیپین، پاکستان و بەنگلادێش سەرەک وەزیری ژنیان هەبووە. لەم وڵاتانە ژنان لەبارودۆخێکی دژواردا دەژین‌و بەتایبەت لە پاکستان و بەنگلادێش نزیکەی گەورەترین ڕێژەی کوشتنی ژنان بەناوی نامووس‌و بەبیانووی دیکەوە هەیە.

هەڵبەت زۆرجار ئەو پیاوانەی ڕێگا بەخوشک‌و هاوسەرەکەیان نادەن لە هیچ بوارێکدا چالاک‌بن، بە ژنانی هەڵسووڕاو ئەڵێن جائەگەر کچەکەم یان ژنەکەم وەکوو تۆ و فڵان خانم زیرەک بوایە وەڵڵا هیچ مانیعی نەدەبووم! ئەو کەسەی کە خۆی نەیهێشتووە ئافرەتەکە گەشە بکات ئێستا هەر خودی ئەو بەبیانووی گەشەنەکردنەوە ڕێگای نادات چالاک‌بێت!

خۆ ئەگەر دایک‌بوون و منداڵداری بە ڕێگر حیساب‌بکرێت ئەوا نموونە و وەڵام بۆئەوە زۆرە. خاتوو ئاننا لیند وەزێری دەرەوەی پێشوو سوێد کە زۆریش لایەنگری کورد بوو بەگشتی و ژنی کوردی بەتایبەتی‌و بەداخەوە پێرارەکە تێرۆرکرا، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی تێکەڵ‌کردنی کاری کات‌گرو زۆر چڕوپڕی وەزیری دەرەوەبوون لەگەڵ دایکایەتی و هاوسەریەتی‌بوو. دیارە هاوسەرەکەی پێش منداڵبوون‌و پاشانیش لە بەخێوکردنی دوومنداڵەکەیاندا یارمەتی زۆری ئەدا. ئاننا لیند جارێکیان گێڕایەوە وتی لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەورووپا بووین لە پورتوگال و هەرخۆمان بوون لەژوورێکدا و تەنانەت راوێژکارەکانیشمان بۆیان نەبوو بێنە ناو کۆبوونەوەکەوە. لە ناکاو تەلەفوونەکەم زەنگی لێدا و هەڵبەت وەڵامم دایەوە؛ کوڕەکەم بوو دەیەویست بزانێت ئایا بۆی هەیە لەگەڵ هاوڕێکەی بچن و سەیری فیلمێک بکەن! من وڵامی کوڕەکەمم دایەوە پاشان گێرامەوە بۆ وەزیرەکان و ئەوانیش دەستیان کردبە پێکەنین.

ئێمەی پیاو هەتا زۆرتر لە بەخێوکردنی منداڵە کانماندا بەشداری‌بکەین زیاتر چێژ لە ژیان و لەگەرما و خۆشەویستی منداڵ وەردەگرین‌و زیاتر لە ژیانی پڕلە هەست‌و ئەوینی

مرۆڤایەتی نزیکئەبینەوە. هاوسەرەکانیشمان مێهرو خۆشەویستییەکی زیاترمان پێدەبەخشن.
لەکۆتاییدا دەبێ بڵێم تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای پیاوسالارەوە بۆ کۆمەڵگایەکی یەکسان سەفەرێکی دوورودرێژە. بە درێژایی سەفەرەکەو بەتایبەت لە کاتیگەیشتن بە منزڵدا ژنان بەومافانەدەگەن کە لێیانئەستێندراوە و یان هەر نەیانبووە. پیاوان بەپێچەوانە هەموو ئەو مافانەی کە هەیانبووە بۆیان دەمێنێتەوە، سەرباقی ئەوەش منداڵی گەشو تەندروست، هاوسەرێکی خۆشەویستو باوەشی گەرمی خێزان، ژیانێکی ئارامو بنەماڵەو کۆمەڵگایەکی بەختەوەر چاوەروانیانە.
دەبا ئێمەی پیاو پشت لەم بەختە هەڵنەکەین. ئێوەی ژنان و ئافرە تانیش تکایە یارمەتیدەرمانبن! وەک هەمیشە پشتو پەناو دایکو خوشکو کچو هاوسەر و هاورێمان بن!

ئاخەر ئەگەر ئێوەی ژن نەبن، نەکور هەیە، نەپیاو هەیەو نەکۆمەڵگەی پیاوسالار!
سپاس!